خۆر نەوازان

شەبەق- نەرویج

خۆرنەوازان ئەم سەریالە تەلەفزیۆنییەیە لە کەنالێ ماهواریەیی کوردستانەوە بڵاوکرایەوە، بیرۆکەی ئەم داستانە هی بەڕێز "هێرۆ ئەحمەد"ە و لە دارشتو نووسینی بەڕێز "حوسێن میسری"یە.

هەروەها چەندین هونەرمەندی خۆشەویست و بەناوبانگ لەم درامایەدا دەور دەبینن.

خۆرنەوازان رووپەرێکی تازە لە سەر گوزەشتی مرۆڤی کوردە، داستانی ئاوارە بوونێکی تازەیە، خۆر ئاوارە کردنە، ئاوارە بوونە بە شێوەیەکی مۆدێرن.

لە دوو تۆی ئەم داستانەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەجگار ئینسانی کورد خۆی، خۆی ئاوارە دەکات، ئەویش لە مەرگەساتێکی دڵتەزێندا، مرۆڤی خۆ سەرگەردان کردوو لە ڕێگایەکی بە تەواوی نەناسراو حەشارو نامۆدا، تووشی دەیان و سەدان رووداو کارەساتی جەرگ بڕ دەبێت، لە هەنگاوی یەکەمدا دنە دەدرێ و هەڵدفریوێ ئەوسا ڕێ دەکەوێ و لە ڕێگادا زیرو زەلیل دەبێ.

دەکەرێ، دەفرۆشرێ، مامەڵەچییەکانی ئینسان دەبیەن، مەنجەنیقی ڕێگاکان دەبیەن، شەپۆلی ژین هەژینی دەریاکان دەبیەن و لە ئەروپادا دادەبەزێ. دادەبەزێ بێ تەلاق، بێ دەست، بێ دەم، وڕوکاس و تەوق بووی ناو لافاوی کارەسات و خەم لە ئەروپا دادەبەزێ خۆ ون کردوو، دۆراو، خۆ لە دەستداو، ئەوسا دااڵە کەرخۆرەکانی مافیا دەیدۆزنەوە و دەیبەن بە ڕێگایەکەدا کە توانەوە و مەرگ تێیدا بووتە حەک، بووتە سیستەم.

ئەم درامایە دەیەوێ بڵێت کە ئەم مرۆڤە خۆ ون کردووە، لە ئەبەدییەتێکی جەهەننەم ئاسادا سەرگەردان و وێڵ دەبێت، ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدات، کورد بوونی خۆی فەرامۆش دەکات، ئینسانییەتی خۆی بزردەکا و لە دایرەیەکی بێ بڕانەوەدا، لە تەلسمێکی خۆ خوڵقاودا دەبێتە قوربانییەکی ئەبەدی و مەرگێکی مۆدێرن و سووک بۆ مێژووی گەلەکەی تۆمار دەکات.

درامای خۆرنەوازان دەیەوێ بڵێت کە دەربارە بوون لەم تەلیسمە یا خۆ دۆزینەوەش هەڵبەتە لەو بەری پردەکەوە، لەو بەری خابور، لە دەڤەری کوردستان وجودی هەیە. گێڕانەوەی ئەم سەربردانە هەر ڕێگ و ڕاستو دەقاودەق بۆ ئەم مەبەستەیە کە هۆنراوەتەوە و هێندراوەتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن، بۆ ئەوەی تا لاو و مرۆڤی کورد لەم چاڵە ڕەش و دەم هەراوە، لەم مەنجەنیقە نێڵ دراوە، لەم ڕێگا مین ڕێژکراوە، لەم شەپۆلە ژین هەژینو مەرگ خوڵقێنە خۆ بپارێزێ و لە ئاوو پردی خابوور نەدا، سەفەر نەکا و نەپڕێتەوە، دەرس و عیبرەت وەرگرێ و تا دەتوانێ دوور کەوێتەوە و بە تەواوی ئۆقرە بگرێت و چوون لە بیر بەڕێتەوە.

لە یەک کەلامدا بیرۆکەی خۆرنەوازان بە گوێچکەی چاوماندا دەچڕپێنێ کە کوردستان شوێنی ژین و مەرگی ئینسانی کوردەو مانەوە و ئۆقرە گرتن لە کوردستان، دوورکەوتنەوە لەم کارەساتانەیە. خۆرنەوازان نەفی خۆ ئاوارە بوون دەکات و بە کردەوەیەکی خراپ و ناپەسەندی دادەنێت و ئەوانەی بەشداری لە تەداڕەکی ئەم سەفەرە مەرگەساتەدا دەکەن بە مرۆڤی نەزان، هەڵپەرست ناڕاست و ناپاکیان چووێنێ.

دیارە کەس گومانی لەم ڕاستییانەدا نییە، (هەڵبەتە نەک لە تێکۆشینێکی وەها خەستدا) ئەمانە حەقیەتن بەڵام تەنها نیوەی ڕاستی و حەقیقەت نەک هەموویا!

حەقیقەت نکۆڵی لێ ناکرێت، هەر بۆیە زانایانی مرۆڤ پێمان دەڵێن کە ئەگەر دەتانەوێ ئینسان ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە، گەر دەتانەوێ بەرچاوی ڕوون کەنەوە تا نەکەوێتە ناو چاڵ، گەر دەتانەوێ ئاگایی پی ببەخشن و خۆری حەقیقەت نەوازش کەن تا لە بیرکردنەوەیەکی گەلێک پێویستدا خۆی و بارودۆخی ژیانی خۆی و پێویستییەکانی ئێستاو داهاتووی خۆی بدۆزێتەوە، کەوایە پێویستە هەمووی حەقیقەت نەک نیوەی بە خەڵک بڵێنەوە.

هەر بە تەنها باس کردن لە عەیب و تاڵی و تووشییەکانی ئەم کۆرەوە تازەیە، هونەر نییە، هەر بە تەنها وەسفی مەرگەساتەکانی ئەم ڕێگایە، ناتوانی میدالیای هونەر لە گەردن کات. ئەنگراندیسانی سەفەری مودێرن و پڕ لە ناکامی و شکستی ئەمرۆی لای کورد ناشێ ناوی هونەری لێ بندرێت، ئەوە وەک ئەوە وایە کەسێک زۆر هونەرمەندانە بێت و وەسفی هەژاری بکات.

وەسفی ئەوە بکات کە چۆن خەڵک لە فەقیریدا دادەڕزێت، زەینی سپی دەبێتەوە و پەنا بۆ دزی و قەتڵ و بێ ناموسی دەبات. هەڵبەتە کە ئەوە حەقیقەتن، هەڵبەتە کە دزی و خۆفرۆشی و زەلام کوشتن کردەوەیەکی ناپەسەندە، بەڵام باس کردنی هەتا ئێرەی حەقیقەت، ئەویش لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا، وێڵ کردنی بەشی دووەهەمی حەقیقەتە کە برتیی بێت لە دەرخستن و نواندنی هۆر سەرچاوەی ئەسڵی بە هیچ جۆر ناکرێ ناوی هونەری لێ بندرێت، نا، بە هیچ جۆر ئەوە هونەر نییە.

دانەرو کارگێڕانی ئەم درامایە، ئەگەرچی زۆر دڵسۆزو بە پەرۆش بن، چاکەی خەڵک و کۆمەڵگاکەیان بوێت، کە هەڵبەتە من گومانم نیە کە وایە، بەڵام چونکە نکۆڵییان لە وتن و دەربڕینی نێوەکەی تری حەقیقەت کردووە، دەکەونە بەر ساتوری ڕەخنەیەک کە بێگومان "ڕوبسیر"یشی نەپاراستووە.

ئەمڕۆ بۆچی مرۆڤی کورد ئاوارە دەبێت؟!

کێ هەیە نەزانێ کە میژووی بەسەرهاتی گەلی کورد لانی کەم لە سەد ساڵی ڕابردوودا، سەراسەر کارەسات و تراژدیای کۆچ و کۆڕەو و ئاوارەگییە، کێ هەیە کە بتوانێ نکۆڵی لە دسەپاندن و تێگلاندنی ئەم مرۆڤە نەکات لە ئاوارە بوونێکی بەردەوامدا کە دۆژمنانی بە زۆرداری و ستەم بە سەریاندا سەپاندووە.

ئەم ئاوارە بوونەی تازە، ئاوارەبوونێکی مودێرنە، خۆ ئاوارەکردنە، ریکێکی بە ڕوالەت بەبێ فشارە کە ئینسانە کە خۆی بە گیانی خۆی دەیکات و خۆی بە سەری خۆی دێنێت. بەبێ ئەوەی کە شانازییەکی تێدا تۆمار بکرێت، یان ناوێک لە حەماسە خوڵقێنەرانی بە چاکە بهێندرێت.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە هەر بە ڕاستی ئایا ئەو خەڵکە پێیان خۆشە کە ئاوارە بن؟ بۆ مەگەر ئاوارەگی بەسەرهاتێکی خۆش و شیرینە؟ ئایا ئاوایە کە دایک و باوکەکان بە سەرهاتی ئاوارە بوونەکانی خۆیان وەک شتێکی خۆش و بە تام بۆ ڕوڵەکانیان یان بۆ نەوەی نوێ گێڕاوەتەوە؟

ئەی ئەگەر نا، کامەیە یاوە تۆی گرتووە ئەی لاوی کورد! تۆ بۆ کوێ دەچی؟ بۆ بە دەسەڵاتو بێ گیان و بێ دەوڵەتین، ئێمە ئاوارەین چونکە نە وڵاتمان لە سەرگۆی زەوی بە وڵات دەناسرێ و نە خۆمان بە کۆمەڵێک مرۆڤی شایستەی ژیان و ئازادی. نالێ ئێمە لە کوردستانیش لە بەر چاوی گەورەکان نرخ و مافی مرۆڤمان نیە، نالێ لە هەر حاڵدا ئێمە هەر وەک نەبوو واین. هێشتا واین بە ڕێگای لە دایک بوونەوە، هێشتا لە ڕێگای سەپاندن و سەلماندنی هەبوونی خۆمان داین، بە هەموان، بە خۆمان و بە بێگانە.

ئێمە گەلێکین کە لە دنیادا بۆ ئازادی و بە دەستهێنانی گیان و هەبوونی نەتەوەیی ڕەنگە زیاتر لە هەر میللەتێکی تر نرخمان دنابێ و گیانمان بەخشی بێ، بەڵام لە پشت خۆین و تەرمەکانی ئێمەدا ڕابەرانمان لە کۆڵانەکانی دیبلۆماسیدا دوکانیان داناو هەر جار ناجاری، نا وەستایانە سەرو مااڵی خۆیشیان لەگەڵ گیانی ئێمە هەراج کرد. ئاوارە بوونی مۆدێرن یا خۆ ئاوارە کردنی ئێمە، تەنیا لە بڕی بڕیاردانی ئێمە نییە، تەنیا لە بڕی خۆفریودانی ئێمە نیە، هەر بە تەنها ئێمە تێیدا تاوانبار نین، ئەم کارەساتە، کوردستانی نییە. کارەساتێکی جیهانییە کە بەسەر هەموی مرۆڤی کورد دێت، هەر بۆیە پێویستی بە لێکدانەوەیەکی هەمە لایەنە و جیهانی هەیە، خۆ ئاوارەکردنی کورد قۆناغێکی تر لە کۆڕەو، کۆڕەوێکی مۆدێرنە، هەڵپەی بۆ بەدەستهێنانەوەی مافی ژیان و هەروەها کەوتنە ناو جاڵی ڕەنج و ئازارێکی تازەیە.

ئاکامی چەوسانەوەی ئاڵۆزو مۆدێرنی باوانی خۆشماندا ئاوارەین. بێ دەسەاڵت و بێ گیان و بێ دەوڵەتین، ئێمە ئاوارەین چونکە نە وڵاتمان لە سەرگۆی زەوی بە وڵات دەناسرێ و نە خۆمان بە کۆمەڵێک مرۆڤی شایستەی ژیان و ئازادی. نالێ ئێمە لە کوردستانیش لە بەر چاوی گەورەکان نرخ و مافی مرۆڤمان نیە، نالێ لە هەر حاڵدا ئێمە هەر وەک نەبوو واین. هێشتا واین بە ڕێگای لە دایک بوونەوە، هێشتا لە ڕێگای سەپاندن و سەلماندنی هەبوونی خۆمان داین، بە هەموان، بە خۆمان و بە بێگانە.

ئێمە گەلێکین کە لە دنیادا بۆ ئازادی و بە دەستهێنانی گیان و هەبوونی نەتەوەیی ڕەنگە زیاتر لە هەر میللەتێکی تر نرخمان دنابێ و گیانمان بەخشی بێ، بەڵام لە پشت خۆین و تەرمەکانی ئێمەدا ڕابەرانمان لە کۆڵانەکانی دیبلۆماسیدا دوکانیان داناو هەر جار ناجاری، نا وەستایانە سەرو مااڵی خۆیشیان لەگەڵ گیانی ئێمە هەراج کرد. ئاوارە بوونی مۆدێرن یا خۆ ئاوارە کردنی ئێمە، تەنیا لە بڕی بڕیاردانی ئێمە نییە، تەنیا لە بڕی خۆفریودانی ئێمە نیە، هەر بە تەنها ئێمە تێیدا تاوانبار نین، ئەم کارەساتە، کوردستانی نییە. کارەساتێکی جیهانییە کە بەسەر هەموی مرۆڤی کورد دێت، هەر بۆیە پێویستی بە لێکدانەوەیەکی هەمە لایەنە و جیهانی هەیە، خۆ ئاوارەکردنی کورد قۆناغێکی تر لە کۆڕەو، کۆڕەوێکی مۆدێرنە، هەڵپەی بۆ بەدەستهێنانەوەی مافی ژیان و هەروەها کەوتنە ناو جاڵی ڕەنج و ئازارێکی تازەیە.

ئاکامی چەوسانەوەی ئاڵۆزو مۆدێرنی سەرمایەداریی، هەر وەک هەڵپەی ملیۆنەها کرێکاری بۆ کارو نانو مافی ژیان، خۆڕانانە لە پێناوی سەپاندنی هەبوونی خۆدا، چەوسانەوەیە کە وەک چەوسانەوەی کرێکار کە هەموو ڕۆژێ بە دەنگی بەرزی هاوار دەکا: من ئەوەتام لە ڕێگای کاری ئێوە دام، ئەوەتام لە ڕێدام، سەرلێشێواوێکی ئاوارە، دەست کایەیەکی تازە بە تازەی سوودپەرستیەکانی ئێوە! جەستەیەکی پڕ بە وزەو تامادەی کار، کوا کێ هەیە نرخم لە سەر دانێ؟ کێ هەیە بمکڕێتەوە؟ کێ هەیە بم چەوسێنێتەوە؟ ئەی بازاڕە ڕەشەکانی کار! فابریکەکان! مافیاکانی شەخسی و دەوڵەتی! ئەوەتا منیش بە خێڵی قوربانیەکانی ڕێگاتان پەیوەس بووم، کەڵپی خوێناویتان بۆ کرۆشتنی گۆشت و ئێسکی منیش بکەنەوە!

بەڵێ ئێمە ئاوارەکانی قوربانین، ئێمە ئاوارەین لە مەودایەکی بی سنووردا، لە دنیایەکی یەکجار درو بێ ڕەحمدا، ئاوارەین و هەمیسان ئاوارە دەبینەوە، بەڵام ئەوە ئێمە نین کە تاوانبارین، ئێمە هەروا وێڵین بە شوێن دیتنەوەی خۆماندا، بە شوێن ئازادیدا ئەو ڕێگایە هەڵبەتە کە خەتەرناکە، پڕ مەرگەساتە.. ڕاستە بەڵام، چ بکەین، ئەوەش ڕێگایەکە کە ئێمە پێیدا دەڕۆین تا مرۆڤایەتی بمانبینی و بماناسێتەوە. مەگەر نامانبینن کەوا ئێمە دواکەوتوویی خۆمان و شاری هەڵەبجە و دەڤەری بالیسان و تۆشەی ئەنفال و ئەبو غرێبمان بە سەرشان و جەستەی خۆمان داداوە و وڵات بە وڵات، مەڵبەند بە مەڵبەند، شار بە شارو ماڵ بە ماڵ دەیبەین و دەیگێڕین! بەڵێ ڕاستە ئێمە درامای خۆرنەوازانین ئەما بەو جیاوازییەوە کە لە مەودایەکی زۆر بەرینتر لە بیری ئێوەدا سەوڵ لە بەلەمی شکاو و پرتوکاری خۆمان دەدەین.

بەڵام ئێوە! ئێوە واباشترە کە لە باتی سەرکۆنەکردنی هەزار بارەی ئێمە، هەڵەکانی مێژووی خەباتی ئەم گەلە، هەڵەکانی خۆتان ببینن و هەوڵەکانتان بۆ ئازادی و کیانێکی کوردی لە دنیادا چڕو پڕتر بکەنەوە، ئەوسا هەر کەس بە ڕێی خۆیدا، ئێمە هەزارانو ملیۆنەها دەنکە تەسبیحی لە بەریەک پساو بە دنیا وەربووین، تەنیا یەک ڕایەل دەتوانێ بە ئاسانی هەمیسان کۆمان کاتەوە.

ئێوە ئەو ڕایەڵە پەیدا بکەن، ئەوسا ئەو ڕێگایە بە دڵنیایی دەبەسترێت، دەبەسترێت بەبێ ئەوەی پێویستی بە پەندو عیبرەت دانی وەک ئێستا هەبێ، ئەو جار لە داهاتوودا و لە غوربەتدا ئێمە چۆن هەروا بەبێ مێشک و بە هەگبەی بەتاڵ ڕۆیشتووین بە بێ مێشک و بە هەگبەی بە تاڵ ناڕۆینەوە، لەم بارەشەوە دڵنیابن، ئەولاو گەنجانەی کە ئێستا وەها دڵتەزێن خۆیان ئاوارە دەکەن، سەدان ڕچە دەشکێنن و سەدان قوربانی دەدەن، لە داهاتوودا زۆریان وەک لێزان و پسپۆڕو دکتۆرو مامۆستا دێنەوە ناو زێدو زارۆکی خۆیان.

هەموو کەس تەنانەت چۆڵەکەش ولاتی خۆی خۆش دەوێ، غوربەت هیچ خۆشی تێدا نییە و هیچ کوردێک نیە کە دڵی پێ خۆش بێت، کێ هەیە کەوا دڵی بە ئاوارەگی خۆش بێ تا ئێمە دەست هەڵبڕین بڵێین ئەوە دوو!

خۆر نەوازی بکەن، بەڵام واشی دابنێن کە خۆر حەقیقەتەویە تیشکی خۆی پڕشنگ دەهاوێ، بە تەواوی جەستی ڕوونی خۆی دەردەکەوێ، خۆر ئەو هەبوو لەوانە (مەزهەری خاڵقی، کەریم کابان، سەید عەلی ئەسغەر) لە فارسییەکانیش (داریوش، موعین ئەسەفەهانی، گوڵپای گانی، شەجەریان).

- گۆرانیە کۆنەکانت خۆیان لە چەند گۆرانی دەدن؟

+ چوار گۆرانی، دووانیان ساڵی (1989) لەگەڵ تیپی دەشتی بوو کە ئامادەم پێدا، دووانی دیکەش لە ساڵی (1992) لەگەڵ هەمان تیپ، گۆرانیەکانیش ئەمانە بوون، (ئاخۆ کەی دێ) لە شیعری عوسمان جاف و ئاوازی خۆم بوو، (دڵم تەنگە) و (جێم مەهێڵە) لە شیعری (تاریق سالح) ئاوازی خۆم بوو، هەروەها هەمان شت (ئاخو داخ).

- ئەی بەرهەمی گۆرانیەکانی ئێستات لە وڵاتی سوید؟

+ لە وڵاتی سوید (CD) یکم بە ناوی (باران) تۆمار کردووە کە پێک هاتووە لە حەوت گۆرانی لەوانە (ئەم بەر ئەوبەر، ئامان میم گورجی، هەی لە گوڵ، چاوەڕوانم، لەرزانەکان، هەی مەگەری، باران).

- مۆسیقا ژنەکان بۆ هاوکاری کردنی کاری هونەریت کێن؟

+ لەوانە (غەمگین فەرەج، بژار دیلان).

- لە شاری هەولێر کاری هونەریت بۆ چەند گۆرانی ڤیدیۆ کلیپ کرد؟

+ سێ گۆرانیم بۆ ڤیدیۆ کلیپ کرد لەوانە (ئەم بەرو ئەوبەرە، هەی لە گوڵ، باران).

- بۆ جێبەجێ کردنی کاری هونەریت لە ڕووی تۆمارکردنی گۆرانیەکانت لە ستۆدیۆ وێنەگرتن، ئایە لە دەرەوەی وڵات زەحمەتە یاخود لە کوردستان؟

+ لە دەرەوەی وڵات لە ڕووی مادیەوە زۆر زەحمەتە، هەروەها کۆکردنەوەی مۆسیقا ژنەکان، لە بەر ئەوەی هەریەکەو لە وڵاتێکە.

- گۆرانی بێژە لاوەکانی ئێستا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

+ لە هونەرمەندە لاوەکان بە تایبەتی لە کوردستان دەتوانم بڵێم زۆربەیان هەنگاوی باشیان ناوە بۆ نموونە هونەرمەندان (دیاری قەرەداغی، شێرکۆ تاڵیب، ماهر محەمەدئەمین) هەروەها گروپی نالی بە تایبەتی هونەرمەند (ڕێبین جەمال) کە کلارنێت ژەنێکی بە توانایە و زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم.

- ئایندەی هونەری مۆسیقا و گۆرانی کوردی چۆن دەبینی لە کوردستان؟

گۆرانی بێژی دووەم وڵات پەیوەند جاف

هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردی گەیشتۆتە ئەو ئاستە کە لە ئایندەدا بتوانێ داهێنان بکات

دیمانە: سۆزان بابان

+ گەشبینم هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردی گەیشتۆتە ئەو ئاستە کە لە ئایندەدا بتوانێ داهێنان بکات.

- ڕات چۆن بوو بۆ ئەو فیستیڤاڵە هونەرییەی کە بەشی هونەری و ڕۆشنبیری ئۆتێلی چوارچرا لە هەولێری پایتەخت سازیدا لە (56)مین ساڵیادی کۆماری مەهابادا؟

+ من وەکو میوانێکی ئەم فیستیڤاڵە هونەریە بانگهێشت کرام بۆ کردنەوەی ئەم فیستیڤاڵە، بە کارێکی سەرکەوتووانەی دەزانم کە لەم ڕۆژدا هونەرمەندان یەک دەگرنەوە و ئاشنای یەکتر دەبن و ئاشنای گۆرانی یەکتر دەبن، هەروەها جەماوەریش ئاشنایان دەبن، هاندەرێکە بۆ پێشوە چوونی هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردی، هەرچەندە هەندێ هونەرمەند هەبوون پلەیان بە دەست نەهێنا، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێ کەرەشبین بن، هیوادارم هونەرمەندان بتوانن بەروحێکی برایانە هاوکاری یەکتری بکەن هەوڵی پێشخستنی فەرهەنگی مۆسیقاو گۆرانی کوردی بدەن.

- بە نیازی چ کارێکی بۆ دوا بەرهەمی گۆرانی گوتن؟

+ بۆ دوا بەرهەمم بە نیازم (CD)یک بۆ ساڵی 2003 تۆمار بکەم ئەویش بە هاوکاری مۆسیقا ژنەکان (ئاکۆ عەزیز، توانا نەزار) هەروەها چەندان هاورێیانی مۆسیقا ژن، بە هاوکاری شاعیر محەمەد فەرەج، گۆرانییەکانیش 2 گۆرانی فۆلکلۆری هەورامی بە تێکنۆ تۆماری دەکەم، گۆرانیەکی داریوش بە کوردی، چەند گۆرانی دیکەشە هیوادارم بەدڵی جەماوەر بێت.